# پەیکەرێك لە ئێسك ...

**عەلی سدیق**



له مۆزەخانەی رۆحم پەیکەرێکت بۆ ئەتاشم

هەر گەشتیارێک بەدوای وشەیەك لە مندا وێل بوو

بەخزانی ناولەپێک لەسەر رووت

برژانگت لەتۆزی حەرفەکانم پاککاتەوە

پەیکەرێک، قفلی کرانەوەی دڵم بێت

لە وەهمی نیوە شەو..!

هێندەی ئارامیت مەنگ بێت

لە بارینی ئیلهامەکانی خەیاڵ

هێندەی جوانیت بێ دەنگ بێت

وەك ئەم پەیکەرتاشانەی عیشق ئەتاشن و

تف لە ئێسکە وشکەکانی مردوو هەڵدەواسن!

ناکام نەبێ..!

ئەوان شیعر تورە دەکەن لە جوتبوونی وێنە!

بە پەنچە تۆزاویەکان شمشاڵ دەنووسنەوە

کچۆلەیەك تورە دەکەن لە سپیەتی

کچۆلەیەك لە تابووت، پایزە شەوێک گۆڕەکان ئاودەدات

لەگیرفانی جنۆکە نامەی دلداری فریشتە و ئەهریمەن دەدۆزێتەوە

لە ئەرشیفی سەرماوەرز، ئەو دیو کیشوەری سەهۆڵبەندان

نامەکە دەداتە دەستی فیراق تا رەق بێتەوە

وەك پارچەیەك لە مرواری دەیدەن لە پشتی پەیکەر

لەتینی سەرما شیعرێک بەفر بەخۆداداو ئاوارە دەبێ

لەترسی نەمانی هزر جنۆکەکان دەیگەڕێننەوە

نەوەک دوای تەواو بوونی دنیا

خودا جارێکی دیکە بێ ئومێدیان بکا!

دەبێ کەی وشە دزراوەکەی من بگەرێتەوە؟

دەبێ کەی خۆشەویستیە ناکامەکەی من بدۆزرێتەوە؟

ئەی هەوری غەمبەر

چیتر باران مەکە بە کونی منارەیەک

کە سالانێکە برینی گەنجەکانی بۆگەنی کردووە و خۆشی زامدارە

منارەیەک دڵتەنگ کردوویانەتە دراوسێی شانەدەر و

بۆ چاخی بەردینیان گەراندۆتەوە

رۆژێک قەلا بەسەر هەتیوەکانی کێشا

منالە وردەکانی کۆلان سەریان شکاندو

ئەویش هەتیو بوو!

ئیستاش لەق لەق چیقنە لەسەر برینەکانی دەکا

ئێواران لە باخچە کەزی نارنجیەکەی باکوری

بیرەوەریەکانی شار دەنوسێتەوە و کۆنسێرت بۆ کوکوختیەکان دەکات

شەوانیش کە ئەم ناوە چۆل دەبێت

وەسیەت بۆ پاشماوەی گولەبەرۆژە و پاقلە دەکات

دواتر دەیانبات و لەبەردەم مردووەکانی شاندەریان دادەنێ

بۆ ئەوەی یەکەم ئەشکەوتی مرۆڤایەتی مردووەکانی نازیان بدرێ

ئەمەیە نازی مردووەکانی یەکەم یەکەم شاری مێژوو

ئەی هەور

هەڵمی من بخە رۆحی ئاسمانە شینەکان و ئاوسیانکا

با ئەستێرەیەکی دیکە لەدایک بێت

سەرکەشیە مەستەکانم لە دارزان بتوێنەوە!

بە مردنی من کامە ئەستێرە دەکوژێتەوە؟

من دەڕۆم....

دەرۆم بەر لەوەی باران لەدایک بێت

بەر لەوەی پەرەکانی شیعرم زێراب بگرێت

بەر لەوەی مەستی عەقلم بپێکێت و

بەنوێژی نیوەرۆ کتێبەکان لەسێدارە بدەم

شوێنی ناشتنم دەبینمەوە

من نامەوێ وەک ئەم مرۆڤانە ئیسکەکانم ببنە پەیکەر

نامەوێ بە مردوێتی رووتمکەنەوە

نامەوێ رۆژێک بێت کەس شەرمم لیّ نەکات

نامەوێ ئەوانەی رقیان لێمە بێ شەرمانە سەیری لاشەکەم بکەن

نامەوێ ئەوانەی رقیان لێمە بۆم بگرین...

"ئەوانەی لە ژیان گولێکیان بۆ دەستەکانم بە رەوا نەبینی،

با چەپکێ گوڵ لەسەر گۆڕم دانەنێن"

تۆ کە داوای سوتانی وێنەکانم لیّ دەکەی

دۆزەخی گوناحەکانت چ ئێسکێکم ناختکێنێ پەیکەرێکی لیّ بتاشرێ..؟!